# چۆن خەونە کوردیەکان دەسڕدرێنەوە ..!؟

موحەمەد جەزا بەرزنجی
jazahossain@zonnet.nl

هەر لەو دەمانەوە دەستدار و بێدەست .. زۆردار و زۆر لێکرا و .. داگیرگەر و داگیرکراو .. چەوسێنەر و چەوساوە ..تاد هەبووە، دژایەتی و ناکۆکی و هێرش و پەلامار و بەرەنگاربونەوە.. جودایی لە بۆچونەکانیاندا هەبووە بە پێی پاراستنی ئاستی بەرژەوەندیەکان و جێ پێ پتەوکردن، بۆ هەر بەرێکیش لەم دوو بەرەی ناکۆکدار و دژبەیەك زەمینەی لەبار و لەشکرکێشی چەندایەتی و چۆنایەتی بۆ ئامادە و سازدراوە و بە پێی فشاری ناهەقی، هەقدار لەدوی مسۆگەری زیاتر گەڕاوە،هەربۆیە کوردیش بۆ دابین بوونی ئاسودەیی و ئارامی هەمیشەیی شارستانیانە خەبانی خۆی کردووە .. تا شێوازی دیالۆگیش فەرێکی بە بەرەوە مابێ هەرگیز ریگەی سەختی خەباتی چەکداری و شۆڕش هەڵگیرسانی نەگرتۆتەبەر.. هەر بۆیە هەمیشە لە سنوری خاکی خۆیدا پارێزگاری لە بوون و مانەوەی خۆیکردووە و چالاکی خۆپارێزی لە سنوری کوردستان دەرنەچووە، سەرباری هەموو ئەمانیش بۆ رازیکردن و ملدانی بەرامبەرەکەی و راکێشانی بۆ مەیدانی ئاشتی و ژیانی پڕئارامی دور لە پاکتاوکردنی نژادی لە خواست و مافەکانی خۆی کەم کردونەتەوە.. هەر هەموو کەمکردنەوەیەکیش لە مافی کورد زۆرکردن و خستنەسەرە بۆ ویستی بەرامبەر بە واتای جۆرە داشکاندنێك بەلای بۆچونە نادروستەکانی زۆردار یا داگیرکەردا.

دەرئەنجامی ئەزمونێکی زۆری مێژوویی و ستەمێکی بێسنور کوردوستانی بوون و دەوڵەتی کوردی نەك لەلای رۆشنبیران بە تەنیا بەڵکو لای تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بۆتە خواست و ئارەزوویەکی لەق نەبوو.. لەگەڵ ئەوەشدا هاوکات و هەمئاهەنگ لەگەڵ مەیلداری سیاسەتمەداران و خوێندنەوەیان بۆ رەوشەکە لە باشوری کوردوستان دەنگ درا بە جۆرێك لە پێکەوە ژیان لە عێراقدا و هەرێمەکەش ببێتە هەرێمێکی فیدراڵ . بە پێی ئەو هەند زانیاریانەش لە رەشنووسی دەستوری عێراقەوە بلاودەبنەوە بەردەوام یەکسەری یان نایەکسەری خواستی ئەوانەی ووشکە بیرن و دەمارگیر و خاوەنی بیرۆکەی هەر عەرەب دەبێت سەروەر و دەسەلآتدار بێت جێبەجێ دەکرێن بەو مەبەستەی بەرهەڵستکارێك نەمێنێ لە بەرامبەر دەستور، ئەم قۆناغە دەڕوا وەك قۆناغەکانی تر و قۆناغی تریش دێتە پێش، ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنیشە ئەو کوردستانی بوون و خەونە کوردیانەی لای شەقامی کوردی رەگی داکوتاوە .. کەم تاکی کورد هەیە لە سەرپشکێکی دروستی ئارەزومەندانەدا واز لە دەوڵەتی کوردی بهێنێ و نەبوبێتە هیواو ئاواتی .. کەم ماڵ هەیە نەخشەی کورستانی گەورەی تیا هەڵنەواسرابێت.. کەم ئێخە هەیە شانازی بە ئاڵای کوردستان و نەخشەی کوردستانەوە نەکردبێت و لە بۆنە و بێ بۆنەدا نەکرابێتە هێمای سەلماندنی بوون و دامرکاندنەوە یان راژەنینی خەون و ئارەزووەکانیان .. کەم میدیا و گۆڤار و رۆژنامە و بلاوکراوەی کوردی هەیە لە ناوەوە یان دەرەوەی کوردستان (بەوانەی سەر بەو پارتانەشەوەن کە جلەوی دەسەلآت و دانوستانەکانی بەغدایان بە دەستەوەیە) مەدالیای نەخشەی کوردستان و ئاڵای کوردوستانیان نەکردبێتە گەردن، پرس لەوەدایە لە قۆناغی داهاتودا گۆڤار و رۆژنامە و بلاوکراوەکان رێدەدەن ئەو مەدالیایەی ئێخەیان لێبکرێتەوە.. ؟ ئایا نەخشەی کوردستانی گەورە لە شوێنە گشتی و ئاشکراکاندا قەدەغەدەکرێت ..؟ بە تایبەت ئەو نوسەرانەی لە گروپی (سەربە) ن واز لە خەونەکانیان دێنن و خەتی راست وچەپ بەسەر نوسینە کۆنەکانیشیانا دێنن..؟خوێندنی وانەی جوگرافیا و مێژوو ی

کوردستانی گەورە لە خوێندنگاکاندا چۆن دەبێت و بە چ جۆرە سیاسەتێکی پەروەردەیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت..؟ دەبێت بڕیارێك دەربچێ بە ئاشگرا یان پەردە پۆش لەناو خەون و ئەندێشەکانیشا مافی چارەی خۆنوسین و دەوڵەتی کوردی بسڕدرێتەوە؟ بزوتنەوەی ریفراندۆم بە تەواوی چی بەسەر دێت..؟ خۆ گەر رۆژ بەرۆژ لە سایەی ئەو قۆناغی سەرمایەداریە بازرگانیە و کامڵ بوونیان زیاتر رۆحێ نەتەوەیی دروست خەملێ ، چ وەڵامێك بە عێراقی یەکگرتوو دەدرێتەوە..؟